لە هەڵەبجەی تازە گەنجێک بەهۆی کێشەکی عەشایریەوە بە پێنج فیشەک کوژرا

لە هەڵەبجەی تازە لە شارچکەی زەڕایەن گەنجێک لەلایەن کەسکەوە بەهۆی کێشەکی عەشایریەوە بە پێنج فیشەک کوژرا.

کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ کەسێک کە چەند ڕۆژێکە لە زیندانی ئازادکراوە بە چەکی دەمانچەو بە پێنج فیشەک گەنجێکی تری کوشت.

بەپێی زانیارییەکان، بکوژەکە کە چەند ڕۆژێکە لە زیندان ئازاکراوەو ئەم گەنجەی دوژمنایانی کووشتووەو هەڵهاتووە.

کێشەکە دەگەڕێتەوە بە ناکۆکیەکی عەشایری کە چەند ساڵێک لەمەوبەر بنەماڵەی بکوژەکە کەسێکی تری ماڵی قوربانییەکەیان کووشتووە، دادگاش ئەم بکوژەو برایەکی تری و باوکیان چەند ساڵێکە زیندان کردووە، بنەماڵەی بکوژەکە هەوڵی سوحیان داوە، بەڵام ماڵی قوربانییەکە کێشەکەیان داوەتە دەست دادگا.